حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للأمتحانات و التقويم
مديرية الامتحانات

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن
بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

ژمارە : MOEK-DEX 23 / العـدد: ١٢٩٠٧

ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی التأريخ: ١١ / ٩ / ٢٠٢٢

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی
(هەولێر-سلێمانی-دهۆک-هەڵەبجە-گەرمیان-راپەڕین-زاخۆ-سۆران - کەرکوک خوێندنی کوردی )
بابەت / گشتاندن

ئاماژە بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەت لەرێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٥ سەبارەت بەرێنمایی قوتابی/خوێندکارانی گەڕاوەی دەرەوەی هەرێم و تاقیکردنەوەکانی (چاککردنی تێکڕا – دەرەکی راستەوخۆ - یەک ودووبابەت) بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە گشتیەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بەهەموو بەشەکانیەوە بڕیاردرا بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ -٢٠٢٣ بەدواوە کار بەم رێنماییانە بکرێت کە بە هاوپێچی نووسراوماندا هاتووە.

... لە گەڵ ڕێزدا ....

هاوپێچ :
✓ دوو لاپەڕە لە رێنماییەکان

نورالدين عثمان سعيد
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەک بۆ:-

- نووسینگەی بەڕێز وەزیری پەروەردە...لەگەڵ ڕێزدا
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەتی پەروەردە...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی..لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.ئەزموونەکان.لەگەڵ هاوپێچ.
- خولاو

ب.ئەزموونەکان / هەردی معروف سعید

Ministry of Education, Koya Street, Erbil, Iraq info@moe.gov.krd هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کۆیە
www.gov.krd/moe azmoonakan@gmail.com Ibrahim nadir

حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندن
بەڕێوەبەرایەتی ئەزموونەکان

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للأمتحانات و التقويم
مديرية الامتحانات

ژمارە : MOEK-DEX 23 /
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی

العـدد: ١٢٩١٧
التأريخ: ١١ / ٩ / ٢٠٢٢

دەرکردە
وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان

**یەکەم :چاککردنی تێکڕا :**

بۆ سەرجەم قوتابی و خوێندکاران کە لەساڵی خوێندنی(٢٠٢٢ -٢٠٢٣) لەپۆلی (١٢) ی ئامادەیی دەوام دەکەن ونمرەی دەرچوون بەدەست دەهێنن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤ ) چاککردنی تێکرا ئەنجام دەدەن بەم ڕێنمایی و مەرجانەی خوارەوە :

أ- هەڵوەشاندنەوە پوچەڵکردنەوەی بۆردی نمرەی پۆلی ١٢ی ئەوساڵەی کە دەرچووە و جارێکی تر نابێت داوای ئەو نمرەیەی بکات بۆ ساڵی دواتر ڕاستەوخۆ بەشدرای دەکات لە تاقیکردنەوە گشتیەکان .

ب- تەنها نمرەی ئەوساڵەی بۆ هەژماردەکرێت کە تاقیکردنەوەی چاککردنی تێکڕا ئەنجام دەدات .

ت- نمرەی دەرچوونی هەرچەند بێت دەتوانێت چاککردنی تێکڕا بکات.

ث- ڕاستەوخۆ ساڵی دوای دەرچوونی لەپۆلی ١٢ی ئامادەیی وتەنها بۆ یەک ساڵ دەتوانێت چاککردنی تێکڕا ئەنجام بدات.

ج- ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کە چاککردنی تێکڕا ئەنجام دەدەن و دەرچوون بەدەست ناهێنن لە وساڵەدا بۆ ساڵی دواتر ئەگەر سێهەم ساڵی بوو ئەوا بۆی هەیە بەردەوام بێت لەخوێندنی ئێواران بەپێی ڕێنمایەکان یان بەدەرەکی بەڕێگەی تاقیکردنەوە بەراییەکان مافی بەشداریکردن وەردەگرێت .

**دووەم :دەرەکی ڕاستەوخۆ :**

ئەو قوتابی/خوێندکارەی لەساڵی خوێندنی (٢٠٢١ -٢٠٢٢)یەکەم ساڵی خوێندنی پۆلی ١٢ ی بووە و بەشداری تاقیکردنەوەی وزاری دەکات و دەرچون بەدەست ناهێنێت ئەوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ -٢٠٢٣)و بەدواوە بەپێی سیستمی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بۆی هەیە ساڵی دووەمی وەک قوتابی /خوێندکاری دووساڵە دەوامی ئاسایی خۆی بکات و مافی بەشداریکردنی دەرەکی ڕاستەوخۆی نیە .

سێیەم :دەرەکی یەک ودووبابەت :

قوتابی دەرەکی یەك و دوو بابەتی مافی بەشداری لە تاقیکردنەوە گشتییەکاندا دەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە لەساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ -٢٠٢٣)بەدواوە :

١- نابێت ساڵی دابڕانی هەبێت لەئەنجامدانی تاقیکردنەوە هەموو ساڵێک داواکاری پێشکەش بکات وە کۆدی ئەزمونی هەبێت.

٢- تەنها بۆی هەیە بۆ ماوەی ( ٢ ) دوو ساڵ بەدوای یەک،بەشداری بکات لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی یەک و دووبابەت لە ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ -٢٠٢٣ )و بەدواوە ئەم ڕێنمایە جێبەجێ دەکرێت دوای ئەو دووساڵە دەبێت بەڕێگەی تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداریکردن وەربگرێت .

Ministry of Education, Koya Street, Erbil, Iraq
info@moe.gov.krd
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کۆیە
www.gov.krd/moe azmoonakan@gmail.com
Ibrahim nadir

دەرکردە

٣- ئەنجامدانی گزی لە تاقیکردنەوەی یەک ودووبابەتدا، بۆ ساڵانی داهاتوو دەبێت بەڕێگەی تاقیکردنەوەی بەرایی مافی بەشداری کردن وەربگرێت .

چوارەم :گەڕاوەی دەرەوەی هەرێم (ڕێژەی بەخشین لە بابەتەکانی زمانی کوردی و عەرەبی )

قوتابی/خوێندکاری گەڕاوە بۆ هەرێم، کەهەردوو بابەتی زمانی عەرەبی و کوردیان نەخوێندبێت بە پێی زمانی دایکی ، لە بابەتەکانی کوردی و عەرەبیدا نمرەیان وەك لای خوارەوە هەژمار دەکرێت :

١- پێویستە گەڕاوە چوار ساڵ بەسەر دابڕانی لەو خوێندنەی لەهەرێم خوێندویەتی تێپەڕیبێت، بەپێی ئەو بڕوانامەیەی دەیهێنێتەوە پێویستە (لەماوەی ئەو چوار ساڵە پۆلێکی لانی کەم بڕیبێت) و بەپێی ئەو بڕوانامەیەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتیەوە، بەرابەرکردنی بۆ دەکرێت، و کەمتر لە چوار ساڵ ،ڕێنمایی بەخشین لە زمانی کوردی و عەرەبی نایگرێتەوە.

٢- ئەگەر گەڕاوە لەبازنەی یەکەمدابوو لە ( پۆلەکانی ١، ٢،٣ )ی بنەڕەتی وەک خوێندکارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لەهیچ بابەتێك نابەخشرێت.

٣- ئەگەر گەڕاوە لە پۆلەکانی (٤ تا ٩ ) و پۆلەکانی (١٠ -١١ ) ی ئامادەیی بوو، نمرەی دەرچوونی لەبابەتەکانی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابخانەکانی حکومی و ناحکومی خۆماڵی بەم جۆرە بۆی هەژمار دەکرێت :

أ- لە ساڵی یەکەم و دووەم و سێیەمی گەڕانەوەی لەدەرەوەی هەرێم کەمترین نمرە بۆ دەرچوون(٤٠) نمرە دەبێت و بەمەبەستی گەیشتن بەنمرەی دەرچوون (١٠) نمرەی پێدەدرێت بۆ نمونە ئەگەر لەبابەتی ( کوردی یان عەرەبی) نمرەکەی (٤٠) بوو بۆی دەکرێتە (٥٠) وە هەر نمرەیەکی تر زیاتر بوو لە (٤٠) وەک ( ٤١ -٤٢-٤٣-٤٤ ..... ٤٩) تەنها دەکرێتە (٥٠) .

ب- (٥) نمرەی بڕیار وەک خۆی دەمێنێتەوە بەپێی ڕێنماییەکان دەتوانێت سودی لێوەربگرێت تەنانەت بۆ بڕگەی (أ) ی ئەم نوسراوەش واتە ئەگەر قوتابی /خوێندکارێک تەنها یەک بابەتی هەبوو (کوردی یان عەرەبی ) ونمرەکەی (٣٥) بوو (٥) نمرەی بڕیاری پێدەدرێت و دەکرێت بە (٤٠) و(٤٠) نمرەکەش دەکرێت بە (٥٠) وەک لەخاڵی (أ) دا هاتووە .

ت- لە ساڵی چوارەمی گەڕانەوەی و ساڵانی دواتر وەک قوتابی/خوێندکارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وهیچ نمرەیەک وەرناگرێت .

ث- ئەگەر گەڕاوەی دەرەوەی هەرێم لە وڵاتێکی (عەرەبی) هاتبێتەوە هەرێم وە بابەتی زمانی عەرەبی خوێندبێت تەنها لە بابەتی زمانی کوردی ڕێنمایی خاڵی (٣-أ-ب-ت) ی سەرەوە دەیگرێتەوە.

٤- ئەگەر قوتابی /خوێندکاری گەڕاوە گەیشتە پۆلی (١٢) ی ئامادەیی ساڵی یەکەم یان دووەم و سێیەمی گەڕانەوەی بوو ئەوا لە بابەتی (کوردی یان عەرەبی ) بەپێی ڕێنماییەکان دەبەخشرێت بەڕێژەی لە ١٠٠% بۆ ساڵی چوارەم وەک قوتابی /خوێندکاری ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت .

ب.ئەزموونەکان / هەردی معروف سعید